١١

هێزمان دایە قاچی ئەسپ
ئەمیش سمی پیشانی ئاوێنە دا و ئازاری
مانگ و گۆرانیی شاردراوەی گێڕایەوە
دەستم بەسەر گۆنای بێڕەنگیدا هێنا
لێوی بەبارکەوتووی جوولا و کۆتری چیایان نیشتنەوە
خەونی من دەبینن
ئاگردانی لاڕێ ساردە
سۆزێکی کۆن لە دڵم ماوەتەوە
کولا و ساردبووەوە
ئاسۆی کازیوەی کردە ڕوخساری خۆی
بێ هیچ گوێپێدانێک
بیرەوەری زیندووکردمەوە
ژیان لەسەر پەیژەوە دەبینین
قسەمان لەبارەی هێزی قاچی ئەسپ دەکەین
شوێنپێکان هێزیان مژیوم و سەرچاوەی خەڵوەتن
بەسەریاندا دێمەوە
تەمبوورەکەم ژێیەکانی شل بووینەوە
لە شەقامی باڵندانم
کۆترە گۆرانییەک دەمم دەکاتە هێلانە

١٢

زەردەی ئێوارەیە و بۆنی بخوور و ئاوابوون
بەیەکەوە پەڵەیان دا
وێنەی ناو ئەلبوومەکەمان خەوتوون
تۆز بەری بینایی گرتووم و ڕۆشناییم دایە کزی
سندووقی سیحر شکا
لە دوورایی نێوان مۆسیقا و گۆرانیبێژ وەک کوێرێک
دەست دەکوتم
خاک لە شێوەی پرچت نەرمە و شێوەزایە
دەستم بە لانک دەکەوێ ڕایدەژەنم
یادیش دێنە ژوورەوە
چرایەک بە ناوچەوانی کتێبخانەم هەڵدەواسن
دەڕوانێتە دێڕ و وێنە و کۆپلەی ئەو شیعرانەی ڕازبوون
پەنجەرەیەکی کراوەی بەسەرماڵەکەمدا
باران لە کەمییە و پێویستیشە زەوی بچێنرێ
حەوا لە پەراسوو نییە
خودا کولمی بە بۆنی نانی گەرم ئاڵ کردووە
ڕۆیشتووی ڕەنگ بدەیە
ئەستێرەی پێش کازیوە و باران دابارێنی
پرچی درەخت بشوا
سەکۆی هەژارانیش بڕشێنی
تا ئەستێرەی باڵدار لە ئاسمان دێتە خوارەوە
یاد سواری پاسکیلی سێ تایە دەکەم
بەسەر کومبارە خۆڵەمێشییەکە دەیسووڕێنمەوە
هەوا زۆر خۆش بووە و نەوەکەشمان ددانی دەرکردووە
کولمت نانی گەنمە
شێوە و شێوەزا تێیدا چرۆ دەکەن و تیشک پڕ دەبن
ماڵەکەشمان بە درەخت و باڵندەیە
جریوە و جووکە دەبەخشێ

**ناوونیشانەکان:**

١- کاتژمێر سفر
٢- هەناسە و ئاواز
٣- ڕووبەری دارەبازە
٤- ڕووناکیی خوداڕسک
٥- گواستنەوەی گۆڕ
٦- فێنکی و تووشی
٧- ئاسوودەیی یادەوەرییەک
٨- پەڕوپۆ
٩- هاوبەشی سپێدە
١٠- باڵهاویشتنی جۆگە
١١- شەقامی باڵندان
١٢- کولمی حەوا